
بۆ تەمەنی(٣ بۆ ٥)ساڵان



# بەچکە چۆلەکە

چیرۆکی منداڵان

د. هاوژین سڵیوە



# بەچکە چۆلەکە

## چیرۆکی منداڵان

بۆ تەمەنی(٣ بۆ ٥)ساڵان

د. هاوژین سڵیوە

ناوی کتێب: بەچکە چۆلەکە
بابەت: چیرۆکی منداڵان ـ بۆ تەمەنی (٣ بۆ ٥)ساڵان
نووسینی: د. هاوژین سڵێوە
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: توانا ئەحمەد
چاپخانەی:
چاپی یەکەم ٢٠٢١

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٧٨١)ساڵی (٢٠٢١)پێدراوە.



# بەچکە پشیلە

ڕزگار بەچکە پشیلەیەکی جوانی هەبوو، ڕەنگی ڕەش و سپی بوو، دەیمیاواند و دەیوت: میاو میاو میاو. (ڕزگار)یش قاپێک شیری بۆدادەنا، بەچکە پشیلەکە زمانی بەشیرەکە دادەهێنا و دەیخوارد و دەیوت: هەم هەم هەم، میاو میاو میاو. کە تێری دەخوارد دەیوت: زۆر سوپاس ڕزگار،ئەم شیرە چەند خۆش و شیرین بوو.



# بەچکە چۆلەکە

بەچکە چۆلەکەیەکی جوان لە حەوشەی ماڵەکەمان بوو و دەیوت: جریو جریو جریو. دەنوکی زەرد بوو، زۆر جوانکیلە و ئاقڵ بوو، بە قسەی دایکی دەکرد، کاتێ دایکی خواردنی دەدایێ، دەمی دەکردەوە و خواردنەکەی دەخوارد.

بەچکە چۆلەکەکە هەموو ڕۆژێ گۆرانی خۆشی دەوت، دەیوت: جریو جریو جریو...



# یــاری

ئاران و ئـارام خوشـک و بـرا بـوون، یەکتریـان زۆر خۆشدەویسـت، هەمـوو ڕۆژێ لـە باخچـەی ماڵەکەیـان یارییـان دەکـرد، کاتـێ ئـارام کێکـی دەکـڕی بەشـی خوشـکەکەی دەدا، ڕۆژێکیـان ئـاران کێکێکـی زۆر خۆشـی کـڕی، پارچـە کێکێکـی دایـە براکـەی، منداڵێکـی جیرانیـان لەبـەردەرگا بـوو، نـاوی ئارتیـن بـوو، ئـاران پارچـە کێکێکـی دایـێ. ئارتیـن وتـی: زۆر سـوپاس، کێکەکـەی خـوارد و وتـی: بەڕاسـتی کێکێکـی خۆشـە.



# سەگی برسی

شیرین و دایکی لەبەر دەرگا دانیشتبوون، بەچکە سەگێک لە نزیکیانەوە بوو،کاتێ کە شیرینی بینی هاتە پێشەوە، زۆر برسی بوو، دایکی بەشیرینی وت: ئەم سەگە برسییەتی، کچە جوانەکەم بڕۆ ژوورەوە، پارچە نانێک بێنە بۆ ئەوەی بیدەینە ئەم سەگە، شیرین بە قسەی دایکی کرد، چووە ژوورەوە پارچە نانێکی هێنا و دایە بەچکە سەگەکە، بەچکە سەگەکە زۆر برسی بوو، دەیخوارد و دەیوت: هەم هەم هەم، دواتر نانەکەی هەموو خوارد. شیرین و دایکی زۆر دڵخۆش بوون و پێدەکەنین.



# باخچەی ئاژەڵان

ڕۆژێک ڕین و ژین لە گەڵ دایک و باوکیان چونە باخچەی ئاژەڵان، زۆر ئاژەڵی جوانیان بینی لەوانە: مەیموون، مامز، حوشتر، ئەسپ.

زۆر باڵندەی جوانیان بینی لەوانە: باز، قاز، کەو، کەناری، مریشک،کەڵەشێر.

مەیمونیان بینی مۆزی دەخوارد. گوێیان لە دەنگی خۆشی باڵندەکان بوو، بۆیە ئەو ڕۆژە هەر پێدەکەنین.



# شیرینی زۆر مەخۆن

کاڵێ زۆر شیرینی دەخوارد، بۆیە ددانەکانی ڕەش ببوون و دەیێشان،دایکی کاڵێ بردیە لای دکتۆر، دکتۆر پێی وت: نابێ شیرینی زۆر بخۆی. لەوڕۆژەوە کاڵێ شیرینی زۆر ناخوات، بۆئەوەی ددانەکانی پاک و خاوێن بن و ڕەش نەبن، هەموو ڕۆژێک ددانەکانی بە فلّچە و مەعجوون دەشوات.



# مریشک و کەڵەشێر

کارزان مریشک و کەڵەشێرێکی هەبوو، بەیانیان لەگەڵ دایکی دەچوون گەنمیان بۆ ڕۆدەکردن، مریشک و کەڵەشێرەکە گەنمیان دەخوارد و ئاویان دەخواردەوە، کارزان و دایکی سەیریان دەکردن، چونکە زۆر جوان بوون، کەڵەشێرەکە سپی بوو، مریشکەکە ڕەش بوو. کە هێلکەی دەکرد گۆرانی دەوت و دەیوت: گار گار گار. کەڵەشێرەکەش وەڵامی دەدایەوە ئەویش دەیوت: کوکوکوکوکووو. مریشکەکە ڕۆژێ هێلکەیەکی دەکرد، دایکی کارزان هێلکەکەی هەڵدەگرت و لە گەڵ کوڕەکەی دەچوونە ژوورەوە، دایکی کارزان هێلکەکەی دەکوڵاند، دواتر پێکەوە هێلکەکەیان دەخوارد. هێلکەکە زۆر خۆش بوو. بۆیە کارزان وتی: زۆر سوپاس دایە.



# بۆق

زەیتوون لەگەڵ دایک و باوکی و خوشک و براکانی چونە سەیران، لە شوێنێکی زۆر خۆش دانیشتن، پڕ پڕ بوو لە گوڵی جوان. زەیتوون شتێکی بچوکی بینی هەڵدەبەزییەوە، وتی: باوکە ئەم شتە بچوکە چییە؟! لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەوە، باوکیشی وتی: کچە جوانەکەم ئەمە بۆقە، نابێ ئازاری بدەین. با پێکەوە تەماشای بکەین. بۆقەکە زۆر جوان بوو ڕەنگی سەوز بوو چاویشی زۆر جوان و ڕەش بوو.

کاتێ بۆقەکە خۆی هەڵدەدایە ناو گیایەکە، زەیتوون پێدەکەنی. دواتر بۆقەکە خۆی هەڵدایە سەر گوڵێکی سوور و نووست، زەیتوون هەر سەیری دەکرد، چونکە بۆقێکی زۆر جوان بوو.



# پەپوولە

لەبیب و تەبیب دوو برابوون، زۆر یەکتریان خۆش دەویست، ڕۆژێک پەپوولەیەک هاتە حەوشەیماڵیان، زۆریان پێجوان بوو هەر سەیریان دەکرد و پێدەکەنین. دواتر پەپوولەکە لە حەوشەکە سوڕایەوە، بەڵام کە بینی هیچ گوڵێکی لێنییە خێرا ڕۆیشت. لەبیب و تەبیب چونە ژوورەوە و وتیان دایکە، پەپوولەیەکی جوان هاتە حەوشەمان، حەزمان لێبوو زۆر تەماشای بکەین، بەڵام زوو فڕی و ڕۆیشتوو نەهاتەوە.

دایکیان پێی وتن پێویستە گوڵەکان ئاوبدەین تاوەکو گەورە ببن و گوڵی سوور و سپی و زەرد بگرن، ئینجا پەپوولەکان دێنەوە.



هەموو ڕۆژێ لەبیب و تەبیب لەگەڵ دایکیان دەچوون گوڵەکانی حەوشەیان ئاودەدا تاوەکو گەورە بوون و گوڵی جوانیان گرت، ڕەنگی گوڵەکانیش: سوور و سپی و زەرد بوون. ئینجا بەیانییەک پەپوولەکە هاتەوە. کە زانی ئەم باخچەیە گوڵی جوان و بۆنخۆشی تێدایە، چوو بە هاوڕێکانی وت، دواتر پێنج پەپوولە هاتنە باخچەکە.

لەبیب و تەبیب بەو ئیشەیان زۆر دڵخۆش بوون، لەسەر کورسییەکی بچووک دانشتن و سەیری پەپوولە جوانەکانیان دەکرد. پەپوولەکانیش لەسەر گوڵەکان دەنیشتنەوە و زۆر دڵخۆش بوون و پێدەکەنین و دەیان وت: زۆر سووپاسی لەبیب و تەبیب دەکەین. لەبیب و تەبیب لە خۆشیان پێدەکەنین.



# باخچەی منداڵان

یەکەم ڕۆژ کە سایە چوو بۆ باخچەی منداڵان بەلایەوە زۆر خۆش بوو، چونکە بینی هەندێ منداڵ دانیشتوون و هەموو جلکی جوانیان لەبەرکردووە، مامۆستا هەموویانی خۆش دەویست، دواتر مامۆستا هەموویانی بردە ناو حەوشەکە پێکەوە یاریان دەکرد. کاتێ کە سایە گەڕایەوە ماڵەوە وتی: دایکە باوکە باخچەی منداڵان زۆر خۆشە، مامۆستا هەمووومانی خۆش دەوێ، لەباخچە یاری دەکەین، گوێ لە مۆسیقا دەگرین و گۆرانی دەڵێین و زۆر شت فێردەبین.



# مراوی

بەچکە مراوییەک لەگەڵ دایکی بەرەو ڕووی ئاوەکە دەڕۆیشتن، دایکی بە بەچکە مراوییەکەی وت: نابێ بەتەنها لە ئاوەکە نزیک بیتەوە، دەبێ من لەگەڵت بێم، ئەوە سێ ڕۆژە خۆت نەشووشتووە، پێویستە بتشۆم. بەچکە مراوییەکە زۆری پێخۆش بوو و لەگەڵ دایکی چووە لای ئاوەکە، دایکی دەیشوشت و بەچکە مراوییەکە پێدەکەنی و یاری بە کەفی سابوونەکە دەکرد و دەیوت: دایە خۆشووشتن زۆر خۆشە، هەرکاتێ پێت وتم وەرە با بچینە حەمام و بتشۆم، من دێم بمشۆ، دایکیشی بەچکە مراوییەکەی لەباوەش کرد و ماچی کرد. دواتر بەچکە مراوییەکە و دایکی پێکەنین.



# سەیران

دوێنێ کاوە و نازەنین لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براکانیان چونە سەیران لە شوێنێکی زۆر خۆش دانیشتن. شوێنەکە پڕپڕبوو لە گوڵی جوان، نازەنین کێکێکی کڕیبوو کیسەی کێکەکەی کردەوە و پارچە کێکێکی خوارد و پارچەیەکی دایە برایەکەی، ئەویش دەیخوارد و دەیوت: کێکێکی زۆر خۆشە. دواتر بینی نازەنینی خوشکی کیسەی کێکەکەی پارچەپارچە کرد و فڕێیدایە سەر زەوی. کاوە زۆری پێناخۆش بوو وتی: خوشکە جوانەکەم، ئێمە نابێ ئەم شوێنە پیس بکەین. وەرە با پێکەوە پارچە نایلۆنەکان کۆبکەینەوە و بیخەینە نێو تەنەکەی خۆڵەکەوە، نازەنین وتی: باشە برایە جوانەکەم، جارێکی تر واناکەم. پێکەوە پارچە نایلۆنەکانیان هەڵگرتەوە و خستیانە نێو تەنەکەی خۆڵەکەوە. دواتر هەردووکیان پێکەنین.



# حەزم لە چیرۆکە

ژین زۆر حەزی لە چیرۆکی منداڵانە، ڕۆژانە بە باوکی دەڵێ: باوکە چیرۆکێکی خۆشم بۆ بگێڕەوە. باوکیشی هەموو ڕۆژێ چیرۆکێکی خۆشی بۆ دەگێڕایەوە. چیرۆکەکان زۆر خۆش بوون، باسی پشیلە و کەروێشک و گوڵ و پەپوولە بوون. ڕۆژێکیان (ژین) چیرۆکێکی بۆهاوڕێکەی گێڕایەوە، ناوی هاوڕێکەی (باران)بوو، بەم شێوەیە چیرۆکەکەی گێڕایەوە: ئەم چیرۆکە لەباوکمەوە فێربوویم منیش حەزدەکەم بۆ تۆی بگێڕمەوە: بەچکە پشیلەیەکی جوان هاتبووە حەوشەی ماڵمان زۆر برسی بوو، دەیوت: ماو ماو ماو...

منیش هەندێک نانم دایێ بەچکە پشیلەکە نانەکەی خوارد و سوپاسی کردم و وتی: میاو میاو میاو...



# یاریکردن

مەناف و توانا یاری تۆپانێیان دەکرد، مەناف شەقێکی لە تۆپەکەدا، تۆپەکە بە سەری توانا کەوت. مەناف چووە لای توانا پێی وت: هاوڕێم زۆرم خۆش دەوێی، ببورە نەمزانی تۆپەکە بەسەرت دەکەوێ.

توانا وتی: کاتێ یاری دەکەین دەبێ یەکترمان خۆش بووێ، نابێ لە یەکتر تووڕەبین. دواتر مەناف و توانا پێکەوە پێکەنین و دیسان شەقیان لەتۆپەکەدا و تۆپەکە بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە و دواتر کەوتە سەر زەوی. تۆپەکە زۆر جوان بوو وەکو کاڵەک خڕ بوو، ڕەنگەکەشی شین بوو، ڕەنگی شین زۆر جوانە.



# پاسکیلەکەی گارۆ

گارۆ پاسکیلێکی بچکۆلانەی هەبوو، ڕەنگی پاسکلەکەی سەوز بوو، سێ تایەی هەبوو. هەموو ڕۆژێ لە حەوشەی ماڵەکەیان سواری پاسکیلەکەی دەبوو، کاتێ دەگەیشتە خوشکەکەی کە ناوی ئیلاف بوو هۆڕنی لێدەدا: تووت تووت تووت...

خوشکەکەی لەسەر ڕێگاکە لادەچوو و دەیوت: بە هێواشی پاسکیل لێبخوڕە، حەزمان لێیە من و بووکەشووشەکەم سەیرت بکەین، گارۆ پێدەکەنی، ئیلاف و بوکە شووشەکەی پێدەکەنین.



# کچە ئاقڵەکە



کوردستان منداڵێکی زۆر ئاقڵ بوو، بە ڕۆژ یارمەتی دایکی دەدا، ئاگای لەبرایە بچکۆڵەکەی دەبوو، کاتێ دایکی مەمە شیری بۆ دەکرد، کوردستان براکەی ماچ دەکرد و لە تەنیشتی دادەنیشت و تەماشای برایەکەی دەکرد، چونکە زۆری پێجوان بوو، کاتێ دایکی بە کوردستانی دەوت کچە جوانەکەم برۆ پەرداغە ئاوێکم بۆبێنە دەچوو بۆیدێنا.

# جۆلانێ

دارا و یارا لە حەوشەی ماڵەکەیان جۆلانێیان دەکرد. دارا سواری جۆلانێ بوو، یارا پاڵی بە دارا نا، دارا بۆ ئاسمان بەرز بووەوە و پێدەکەنی، چونکە دەیتوانی دار و گوڵەکان باش ببینێ، دوایی سەرەی یارا هات و سواری



جۆلانێکە دەبوو، دارا پاڵی بە جۆلانەکەوە دەنا، هەردووکیان پێدەکەین، چونکە زۆر خۆش بوو. سەفین منداڵێکی جوانی جیرانیان بوو، لەگەڵ دایکی هاتە ماڵی یارا و دارا، ئەویش حەزی لە جۆلانێ بوو، یارا وتی: ئەو منداڵە جوانە جیرانمانە، زۆر حەزی لە جۆلانێیە، با ئەویش هەندێک جۆلانێ بکات، (سەفین)یان سواری جۆلانێ کرد، بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە و دواتر سەفین و دارا و یارا هەرسێکیان پێکەنین.



# جوجکە

کاروان جوجکێکی زۆر جوانی هەبوو، ڕەنگی زەرد بوو، دەیوت: جوک جوک جوک...

جوجکە جوانەکەی لە کارتۆنێکی بچووک نابوو، ئاو و خواردنی بۆدانابوو، کاتێ کە جوجکەکە برسی دەبوو خواردنەکەی دەخوارد،



کاتێکیش کە تینووی دەبوو ئاوی دەخواردەوە. کاروان هەموو ڕۆژێ جوجکەکەی دەبردە حەوشەی ماڵەوەیان و یاری لەگەڵ دەکرد، کاتێ کاروان دەڕۆیشت جوجکەکە بەدووی دەکەوت و دەیوت: جوک جوک جوک...کاروان هەردوو دەستی دەکردەوە، جوجکەکە بەڕاکردن دەهاتە ناو دەستی، کاروان دەستی بەسەری دادەهێنا، جوجکەکە دەخەوت: پاشان کاروان جوجکەکەی دەخستە نێو کارتۆنەکە و دەیبردە ژوورەوە.



# هەنگ

هەنگێک بەسەر گوڵەکانی ماڵی لەنیا دەسووڕایەوە، ناوە ناوە لەسەر گوڵێک دەنیشتەوە و شیلەی گوڵەکەی دەمژی. لەنیا لە دایکی پرسی: بۆچی ئێمە وەک هەنگ شیلەی گوڵ ناخۆین؟

دایکی لەنیا وتی: ئێمە خۆراکی تر دەخۆین.

هەنگەکە وتی: سڵاوتان لێبێ، ڕاستە ئێوە شیلەی گوڵ ناخۆن، بەڵام هەنگوینم دەخۆن، هەنگوینیش لە شیلەی گوڵەوە بەرهەم دێت و زۆر شیرین و خۆشە.



بۆ تەمەنی(٣ بۆ ٥)ساڵان



# بەچکە چۆلەکە

چیرۆکی منداڵان

د. هاوژین سڵێوە